## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات

کۆنفرانسی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکای باکوور و ، هەروەها بە ئامادەبوونی ژمارەیەک هاوڕێی چاوەدێر و میوان، لە ڕۆژانی ٢٦ هەتا ٢٨ی مانگی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٣ دا بەڕێوەچوو.

کۆنفرانسەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێبازی سۆسیالیزم و ئازادی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد و، پاش لێکۆڵینەوەی ئیعتیبارنامەی نوێنەران، بە پەسەندکردنی ئاییننامەی پێشنیارکراو و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر، بە شێوەی ڕەسمی دەستی بە کار کرد.

باسەکانی کۆنفرانس بە گوزارشی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە، کە هاوڕێ ئەبووبەکری مودەڕیسی پێشکەشی کرد، دەستی پێکرد. گوزاریشەکە، وێڕای ئاماژەکردن بە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان، چووە سەر باسی سەرخەتی سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە ئاست هەل و مەرجی سیاسیی ئێستا و، لەسەر گرنگیی پێکهێنان و بەهێزکردنی ئەلترناتیڤێکی دیموکراتیک لە ئێران بەرانبەر بەو ڕەوتانەی دیکە کە لە ئاڵ و گۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا وەک کۆسپی سەرەکیی سەر ڕێگای ئازادیخوازی و دیموکراسی دەور دەبینن، تەئکیدی کرد. لەم بەشەدا هەروەها وێڕای ئاماژەکردن بۆ هەنگاوەکانی تا ئێستای کۆمەڵە لەم زەمینەیەدا، داوا لە هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات کرا کە بە بەشداریی چالاکانەتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێرانیاندا لە دەرەوەی وڵات، هەوڵ بدەن بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆکی بڕیارنامەکەی کۆنفرانسی کۆمەڵە لە بابەت هاوکاری بۆ دیمۆکراسی.

لە زەمینەی دۆخی سیاسیی کوردستاندا هاوڕێ ئەبووبەکری مودەڕیسی باسی گرنگیی هەوڵدانی جیدیی بۆ فەراهەم کردنی زەمینەسیاسییەکانی پێکهاتنی بەرەیەکی فراوانی کوردستانیی کرد و، وێڕای ئاماژەکردن بە دژوارییەکانی ئەم ئەرکە، بە وەبیرهێنانەوەی ئەزموون و دەسکەوتەکانی دەورەی ڕابوردوو، تەئکیدی دووبارەی کردەوە لە سەر دروستیی سیاسەتی پەسندکراوی کۆنفرانسی هەشتەمی کۆمەڵە لە بابەت پێویستیی پێکهاتنی وەها بەرەیەک لە کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی گوزارشەکەی دەفتەری سیاسیدا، هاوڕێ ئەبووبەکری مودەڕیسی باسی جێگاوشوێنی ئێستای کۆمەڵە لە کوردستان و ناوچەکەی کرد و وێڕای ئاماژەکردن بۆ دەسکەوتەکان و پێشڕەوییەکانی تا ئێستا کە بەرهەمی تێکۆشانی هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە و بەڵگەی دروستی و ڕەوابوونی سیاسەتەکانی کۆمەڵە بوون، باسی ئەو مەیدانانەی کرد کە لە داهاتوودا لە بەردەم تێکۆشەرانی کۆمەڵە دەکرێنەوە و، تێگەیشتن لەم هەل ومەرجی ئێستا و وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەم هەل و مەرجەی، بە مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن زانی. لەم بەشەی گوزاریشەکەدا باسی ئەوەش کرا کە کۆمەڵە هاوکات وەک هێزێکی سۆسیالیست و ڕێکخراوی حیزبیی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کوردستان و ڕابەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کوردستان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی ئازادیی سیاسی، نەک هەر پێویستیی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی دروست و واقیعبینانەیە و هاوکات دەبێ ئاسۆ سۆسیالیستییەکەی بکاتە چرای ڕێنوێن، بەڵکوو لە هەمان کاتدا کۆمەڵە دەبێ هەرچی زیاتر نەک هەر لەم زەمینانەدا کە باسیان کرا، بەڵکوو لە کارکردی ڕۆژانە و پەیوەندە ڕێکخراوەییەکانیشیدا

مالاوایی لە نۆرمەکانی ڕێکخراوی سکتاریست و داخراو بکا و هەرچی زیاتر نەریتە سیاسییەکانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ ڕەچاو بکا کە کۆکردنەوەی جەماوەری بەرینی خەڵک لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیاندا، ئامانجییەتی.

لە درێژەی ئەم باسەدا، بەشداربووانی کۆنفرانسەکە پرسیار و بۆچوونی خۆیانیان لە بابەت خاڵەکانی گوزاریشەکەی دەفتەری سیاسی باس کرد و لە کۆتاییدا هاوڕێ ئەبوبەکری مودەڕیسی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

لە باسێکی دیکەی کۆنفرانسەکەدا، هاوڕێ جەعفەری ئیلخانیزادە لە لایەن کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوە، گوزارشی کاری ڕێکخراوی دەرەوەی پێشکەش کرد کە تێیدا هەم دەسکەوتەکان و هەم گرفتەکانی ئەم بەشەی کاری کۆمەڵە بە ڕاشکاوی باسیان کرا. لەم بەشەشدا هاوڕێ جەعفەری ئیلخانیزادە باسی پێویستیی گۆڕانکارییەکی جیدیی لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی دەرەوەدا و چالاک کردنەوەی ئەم ڕێکخراوەیەی لە بواری سیاسیدا کرد کە سەرجەم لە گەڵ تەئییدی بەشداربوواندا بەرەوڕوو بوو. بەشداربووانی کۆنفرانس باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاری ڕێکخراوی دەرەوەیان کرد و زۆربەی نزیک بە تەواویان لە سەر پێویستیی پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە شێوازەکانی هەڵسووڕان و بەڕێوەبەرێتیدا تەئکیدیان کرد.

لە باسی چۆنییەتیی ڕێکخستن و ئەرکەکانی ڕێکخراوی دەرەوەدا، دوو گەڵاڵە پێشکەشی کۆنفرانس کران کە یەکیان وەک گەڵاڵەی بنەما دەنگی پێدرا و، بڕیار درا کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوە، بە پێی ئەو باسانەی لە کۆنفرانسەکەدا لەم بابەتەوە کران، لە ماوەی مانگێکدا دەقی نیهایی گەڵاڵەکە دابڕێژێ و بیکاتە بنەمای کاری ڕێکخراوی دەرەوە. کۆنفرانس هەروەها بڕیاری دا ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات بە سەر سێ ناوچە دا دابەش بکرێن کە بریتین لە ئورووپا، سکاندیناڤیا و، ئەمریکای باکوور و، کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەم ڕێکخراوانە بە دەنگدانی ئەندامان هەڵبژێردرێن.

لە کۆتایی کاری کۆنفرانسەکەدا، هاوڕێ عەبدوڵلای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵە، بە ئامادەبوون لە شوێنی کۆنفرانسەکە، لە سیمینارێکدا لە بابەت مەسەلە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدار بە هەڵسووڕانی کۆمەڵە، باسی کۆمەڵێک لایەنی هەڵسووڕانی کۆمەڵەی کرد و وەڵامی پرسیاری بەشدار بووانی دایەوە کە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداربووان بەرەوڕوو بوو.

دوای سێ ڕۆژ کۆبوونەوە و باسی گەرم وگوڕ لە بابەت وەزعی سیاسی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان و ئێران، کۆنفرانسەکە لە کەش و هەوایەکی هاوڕێیانەدا کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوە
٢٠٠٤/١/٢